# گەمەی پڕ لە گوناه

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.ca

گەمەی پڕ لە گوناه فلیمێکی ترە لەو فلیمانەی کە لە دیاردەی کۆچ و ڕووە نەگەتیفەکانی دەدۆێت.گەمەی بێگوناه پرۆتێستێکی ترە دژ بەو دیاردەیەو هەوڵێکە بۆ ناشیرین کردنی.ڕەخنە زۆرە لەو فلیمە بگیرێت بەلاّم من بە کورتی هەندێك باری سەرنج ئەخەمە ڕوو.

یەکەم:

سیناریۆی گەمەی بێ گوناه پایەی خۆی لەسەر ڕێکەوتێك بینا کردووە کە زۆر زەحمەتە لە ئەرزی واقیعدا بێتە دی.ڕێکەوتی ئەوەی دووان کوت و مت بەیەك بچن بە شێوەیەك کچ و مێرد ئیحساس بە هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان ئەو کەسەو کەسە ڕاستەقینەکەدا نەکەن.دەست بردن بۆ ڕێکەوتێکی لەم بابەتە بۆ سیناریۆیەك ناشێت کە دەیەوێت لە بابەتێکی کۆمەلاّیەتی بدوێت،لە دیاردەیەك کە بە هەق دەکرێت پێی بلێین،دیاردەی دەیە ،واتە ئەو دیاردەیەی کە ئەم دەیەیەی دوایی کۆمەڵگەی ئێمەی پێ دەناسرێتەوە .حەبەکەیەکی ئاوها زیاتر بۆ فلیمێکی کۆمیدی شیاوترە،کۆمیدیا دەتوانێت ئاسانتر پشت بە زیادەڕەوی ببەستێت(موبالەغە).ڕەنگە یەکێکی تر لەو خالاّنەی کە زەحمەتە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوو بدات بڕیاری سەروینە بۆ ژیان بەسەر بردن لە ماڵەکەی ئاراسدا بۆ ماوەیەکی کاتی ،بێ ئەوەی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی شەرعی لە نێوانیاندا هەبێت(بێ گومان شەرعی لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە)،بەلاّم ئەمە جێی ڕەخنەی من نییە ،بەڵکو من ئەمە بە یاخی بوونێکی زەروور دەزانم بۆ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگا.ئەگەر چی تا ئێستا کەسێکی ئاوها بە جورئەت هەڵنەکەوتبێت تا بتوانێت بڕیارێکی ئاوها قورس بدات،بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئیرادەی ئینسانە کە دەتوانێت مەوقیفێکی ئاوها دروست بکات.

دووەم:

گرفتێکی گەورەی تری فلیمەکە ئەوەیە کە دەرهێنەر نەیتوانیوە ئەو مەوقیفانە لە دیمەنەکاندا دروست بکات کە ڕەنگدانەوەی حاڵەتە دەروونی و ویست و تێڕوانینەکانی کەسایەتییەکان بێت .من دیمەن بە دیمەن فلیمەکە بەسەر ناکەمەوە،بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی ئەڵێم ئەتوانی لە سیاقی گونجاودا هەندێك حاڵەت دەربڕی بێ ئەوەی بە دایەلۆگ ئیشارەتی پێ بکەیت ،لێرەشدا کە کەسایەتی قەلەقە بینەر ئەو قەلەقییەی پێوە دەبینێت،کاتێك ناتوانێت تەعبیر لە خۆشەویستی خۆی بکات بۆ کەسێك ئەبێت ئەوەی پێوە دیار بێت،کە بزرە ئەبێت بینەر هەست بەو بزر بوونە بکات،کە هەست بە تاوان ئەکات ئەبێت بینەر بە تاوانەکەی بزانێت.....تاد. ناکرێت دیمەنێك لەیەك کاتدا هەڵگری کۆمەڵێك حاڵەتی دەروونی بێت.بە کورتی هەر دیمەنێك ئەبێت مەبەستێکی تایبەتی هەبێت و ئەم مەبەستەش نابێت شاراوە بێت لە بینەر.

سێیەم:

لە هەموو دیمەنەکانا دایەلۆگ ڕەسمیات و بەلاغەتی پێوە دیارە بە جۆرێك بینەر وا ئەزانێت لە کۆڕێکی ئەدەبیدا دانیشتووە.ئەکتەرێك کە ڕۆڵی پارێزەرێك ئەبینێت ئەوسا سەرکەوتوو ئەبێت لە دەورەکەدا کە توانی وەکو پارێزەرێك هەڵس و کەوت بکات.حەتمەن زمانەکەشی بە زەروورەت ئەبێت جیاوازی هەبێت لەگەڵ زمانی مامۆستایەك،بازرگانێك،ئاسنگەرێك....تاد . ناکرێت هەموو کەسایەتییەکان بە یەك زمان قسە بکەن.دایەلۆگی باش ئەو دایەلۆگە نییە کە بە زمانێکی ئەدەبی پاراو نوسرابێتەوە،ئەگەرنا هەموو دەبوو ڕوومان لە شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی بکردایە لە کاتی گۆڕینی چیرۆکێك بۆ سیناریۆ.باش و خراپیی دایەلۆگ ئەوسا دەرئەکەوێت کە بە چاو نوقاندنەوە بتوانیت جیاوازی لە نێوان زمانی کەسایەتییەکان بکەیت ،لەگەڵ یەکەم ڕستەدا کە لە زمانی کەسێکەوە دێتە دەر بزانیت ئەوە پۆلیسە کە قسە ئەکات ،ئەوی تریان بەدبەختێکە شانسی ئەوەی نەبووە خۆی ڕۆشەنبیر بکات......تاد

چوارەم:

دوو جار سیناریۆکە دەگاتە بن بەست بەلاّم سیناریست عیلاجی بێ مەنتیق و بێ تەبریری بۆ دەدۆزێتەوەو بەردەوام دەبێت لە گەمەکە.جارێك کاتێك تریٚ دایکی دەبینێت و ئەو لەگەڵیاندا ناگەڕێتەوە بۆ ماڵ و هیچ وەلاّمێکی مەنتێقی نییە کە بتوانێت قەناعەت بە تریٚ بێنێت ،ئەو سەردانانەش کە ناوە ناوە سەروین دەیکا بۆ خۆی نیشانەی پرسیارە.ئەو دەڵێت جاریٚ هەندێك ئیشم هەیە کە جیٚ بە جیٚم کرد بە یەکجاری دێمەوە بۆ ئێرە ،بەلاّم ئەم پێچ و پەنا کردنە لەگەڵ کەسێکدا ناشێت لە تەمەنی تریٚدا بێت.جارێکی تریش تەنها بۆ ئەوەی گەمەکە بەردەوام بێت ئاراس داوا لە دایکی تریٚ ئەکات(دایکە ڕاستەقینەکەی) چیتر تەلەفۆنیان بۆ نەکات ئەویش لەبەر خاتری تریٚ.نازانم بۆچی تەلەفۆن نەکردنی ئەو بە قازانجی تریٚیە,بە پێچەوانەوە ئەو دەتوانێت لە ڕێی تەلەفۆنەوە زۆرێك لە تینویەتییەکانی تریٚ بشکێنێت.بێ تاقەتییەکانی ئەو دەکرێت لە ڕێی تەلەفۆنەوە کاڵتر بێتەوە،ئەگەرچی ئەم داوایەی ئاراس لە جێی خۆیەتی بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی بەو گەمەیە نەزانێت، بەلاّم لەهەمان کاتدا پاساوێکی زۆر لاوازە بۆ عیلاج کردنی گرفتەکە.

گەمەی پڕ لە گوناه دەیەوێت بە ئسلوبێکی تازە لە دیاردەی کۆچ بدوێت بەلاّم نوقمی کۆمەڵێك تەناقوزات بووە کە ئەو تازەکارییانەیان بە زەرەر شکاندۆتەوە بەسەریا.بە ڕاستی ئەم فلیمە گەمەیەکە،بەلاّم بێ گوناه کراوە.

2005–9–11